# حوکمی نووسینی توێژینەوە بۆ خوێندکاران بە پارە!

د. إحسان برهان الدين




IHSANBURHAN

# حوکمی نووسینی توێژینەوە بۆ خوێندکاران بە پارە!

نووسینی

د. إحسان برهان الدين

ساڵانێكە لە زۆر لە وڵاتە عەرەبییەكان بە گشتی و لە عێراق و لە كوردستانیشدا بە تایبەتی، بەداخەوە بە شێوەیەكی بەربڵاو دیاردەی نووسینی توێژینەوەو فرۆشتنی بە خوێندكاران لە هەموو ئاستەكانی خوێندندا تەشەنەی كردووە، ئەمەش نیشانەی پاشەكشە و لاوازبوونی بەها ئایینی و ڕەوشتیی و كۆمەڵایەتییە جوانەكانە و ، ئاماژەیەكیشە بۆ ئەوەی نەوەیەك بەڕێوەن ناویان هەیە و ناوەڕۆكیان نییە، لەوانەشە سەرەتاكانی ئەو نەوەیە ئێستا لە سەر زەمینەی واقیعدا لە كوردستان بەركار بن.

جا ئێمە لێرەدا لە چەند ڕوویەكەوە تیشك دەخەینە سەر ئەم دیاردەیەو حوكمی شەرعی لەسەر ئەو بابەتە لە وتەی زانایانەوە و لە ڕۆشنایی كیتاب و سوننەتەوە - إن شاء الله - ڕوون دەكەینەوە:

**1-** لە بنچینەدا خوێندكار چی لە ئاستی بەكەلۆریۆس بێت، یان ماستەر و دوكتۆرا، ئەركی خۆیەتی هەڵبسێت بە دۆزینەوەی ناونیشان و دانانی پلان و نووسینی تەواوی توێژینەوەكەی، بەڵام سەبارەت بە بوارە ڕواڵەتییەكان ئاساییە و درووستە داوای یارمەتی

لە کەسانی شارەزا و پسپۆڕ بکات، سەبارەت بە ناونیشان و شیوازی دانانی پلان (خطة) و كۆكردنەوەو دەستخستنی سەرچاوەو چاپكردنی توێژینەوەكە و هەر مەسەلەیەكی تر كە نەچێتە بابەتی فێڵ و غەش كردنەوە كە پەیوەندی بە لایەنی ئەمانەتی زانستی و ناوەڕۆكی نووسینەكەوە هەبێت.

**2** - بۆیە بە پێی خالی یەكەم پێشكەشكردنی هەر یارمەتییەكی ڕواڵەتی كە زانایان بە ( جهد شكلي) دەربڕینی لێ دەكەن وەكو چاپكردن و ڕیكخستنی پێڕستەكان و بەرگ و كۆكردنەوەی سەرچاوەكان، كارێكی درووستە بۆ توێژەر بكرێت بە بەرانبەری مادی بێت یان بە خۆڕایی. بە پێچەوانەی ئەوەی كە بە (جهد أصلي) ناویان بردووە كە ئەوە دەبێت تەنها توێژەر خۆی بیكات كە بریتییە لە ناوەڕۆك و لایەنی زانستی و هەڵێنجان و ئەو دەرەنجامانەی كە پێی دەگات و، ئەمەیان هەركەسێك لە جیاتی توێژەر بە پارە یان بەبێ پارە ئەنجامی بدات كارێكی حەرام و نادرووستە بۆ هەردوو لایان.

**3 -** ئەگەر توێژەر لەلایەن کەسێکەوە توێژینەوەی بۆ نووسرا و ناوی خۆی لەسەر نووسی و نمرەی دەرچوونی لەو بوارەدا بەدەستهێنا، پاشان هەر سوودێکی مادی لەسەر بنەمای ئەو دەرچوونە دەستکەوت، هەمووی دەبێتە حەرام، چونکە ئەوەی لە ڕێگەی حەرامەوە دەست بکەوێت ئەویش هەر حەرامە و، ئەوەش بنەمایەکی شەرعی بەناوباگە لە ئیسلامدا: ( ما بُني على حرام فهو حرام) چونکە ئەو هەڵسەنگاندن و نمرەی کە بەدەستی دەهێنێت شایستەی نییە و بە هۆی نووسەری ئەو بابەتەوە بەدەستی هێناوە و ئەوەش درۆیەکی بەردەوامە تا لە ژیاندا ماوە دووبارەی دەکاتەوە!

هەم غەش و فێڵیشە چونکە لەسەر بنەمای ئەوە توێژینەوە پێی دەوترێت مامۆستا یان هەر پسپۆڕییەکی تر، کە توێژینەوەیەکی نووسیوە و شایستەی دەرچوون و وەرگرتنی بڕوانامەکە بووە بە هۆیەوە، خۆیشی وا نییە و کەسێکی تر بۆی نووسیوە ..

الله تعالی فەرموویەتی: **(يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَكُونُوا مَعَ الصَّادِقِينَ)** التوبة/119.

پێغەمبەر صلى الله عليه و سلم فەرموویەتی:**( الْمُتَشَبِّعُ بِمَا لَمْ يُعْطَ كَلاَبِسِ ثَوْبَىْ زُورٍ )** متفق عليه. واتە: ئەو كەسەی بانگەشەی شتێك بۆ خۆی بكات كە هی خۆی نییە، وەكو ئەوەیە جلێك لەبەر بكات وای دەربخات كە ماڵی خۆیەتی و لە ڕاستیشدا ماڵی خەڵكی تر بێت!

**4 -** ئینجا -وەكو هەندێ لە زانایان فەرموویانە - نووسینی توێژینەوە و ئەنجامدانی لێكۆڵینەوە لە بری خوێندكارێك بەرانبەر بڕێك پارە ، جۆرێكە لە خیانەت، چونكە بڕوانامەیەك بەدەست دێت بەبێ لێهاتوویی و شاییستەبوونی خاوەنەكەی و، سبەی پرسیاری لێ بكرێت دەربارەی ناوەڕۆكی ئەو نوێژینەوەیە هیچی لێ نازانێت و بێ ئاگایە لێی .

جگە لەوانەش نووسینی توێژینەوە لە جیاتی كەسێك دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی خاوەن بڕوانامە و بەناو پسپۆڕێكی فاشیل و بێ كەڵك و ئەندامێكی بێ سوود ، بەڵكو زیانبەخش لەناو كۆمەڵگادا. سبەی

چاوەروانكراویشە - بۆ نموونە - كە لە ئاییندەدا بە ناحەق بوو بە مامۆستا، ئەو جۆرە مەسەلانە لە غەش و لە نووسینی تویژینەوە بە پارە لە بری خوێندكار بە كارێكی ئاسایی بزانێت و كەسانێكی هاوشێوەی خۆی لە ژێر دەستی دەربچن.

**5 -** ئەگەر بێت و ئەو كەسەی كە توێژینەوە بۆ خویندكارەكە دەنووسێت، بڵێت من پارە وەرناگرم و تەنها بە مەبەستی هاوكاری و یارمەتی و بەبێ بەرانبەر ئەو كارەی بۆ دەكەم! ئەوە هیچ لە حوكمی حەرامی مەسەلەكە ناگۆڕێت و هەموو سەرپێچییە شەرعیەكانی حاڵەتی یەكەم كە پارەی تێدا وەردەگیرێت وەكو درۆ و فێڵ و خیانەتی زانستی، هەمووی لەم حاڵەتەشدا بە هەمان شێوە بوونی هەیە، چونكە ئەمە كۆمەك كردنی كەسێكە لەسەر كاری خراپە نەك كاری چاكە، بۆیە لەسەر ئاستی نووسەری تویژینەوەو ئەوەشی كە بۆی دەنووسرێت تاوانبارن، الله تعالى لەم بارەوە فەرموویەتی:

**(وَتَعَاوَنُوا عَلَى الْبِرِّ وَالتَّقْوَىٰ ۖ وَلَا تَعَاوَنُوا عَلَى الْإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ)**

المائدة/2.

**6 -** مەسەلەی داوای یارمەتیش نابێت وەکو بابەتێکی رەها تەماشا بکرێت و کارێکی باش نییە خویندکار لە هەموو ورد و درشتێکی توێژینەوەکەیدا پرسیار بکات، چونکە ئەوە نیشانەی لاوازی ئەو و نەتوانینێتی بە گەیشتن بە وەڵامەکان لە ڕیگەی بەدواداچوون و گەڕان و خوێندنەوەی خۆیەوە، هەروەها ئەو کارەی کاریگەری لەسەر کەسایەتی زانستی دەبێت و دوارۆژ ڕەنگە جۆرێك لە ئیحراجی بۆ درووست بکات، بۆیە باشترە خویندکار خۆی بەدوای وەڵامی پرسیارەکانیدا لە ڕێگەی خوێندنەوەو بەدواداچوونی زانستی بگەڕێت، ئەگەر بە دەرەنجام نەگەیشت، دوای ئەوە پرسیار بکات و لە سنوورێکدا پرسیارەکانی دیاری بکات نەك بۆ هەموو شتێك هەر پرسیار بکات.

**7 -** بەداخەوە لە کوردستاندا ئەم دیاردەیە پەرەی سەندووە و خەڵکانێك هەن ئەوەیان کردووەتە بەشێك لە پیشەی خۆیان کە زۆرجار لەپاڵ پیشەیەکی تردا ئەنجامی دەدەن وەکو پیشەی مامۆستایی، یان خاوەن کتێبخانە و دوکانی کۆپیکردن فرۆشتنی

قرتاسیەی نزیك زانكۆكان، تەنانەت كار بەوە گەیشتووە كە خوێندكاران لەو بارەوە هەست بە هیچ گوناه و شەرمێك ناكەن وتاكە كێشەیەك هەیانبێت ئەو برە پارەیە كە لێیان وەردەگیرێت لە بەرانبەر نووسینی توێژینەوەكە!

بەڵكو جاری وا هەیە خوێندكاران لە مامۆستاكانی خۆیان پرسیار دەكەن ئایا كەسێك ناناسێت بەحسیان بە پارە بۆ بنووسێنت! ئەوەش حاڵەتێكی ترسناكە لەڕووی زانستی و ئایینی و ئاكارەوە و دەرەنجامەكانی لە داهاتودا لەناو زانكۆ و قوتابخانە و فەرمانگەكاندا بەچاو دەبینرێت.

**8** - ئامۆژگاری هەموو قوتابییەكی ئازیز و مامۆستاو هەركەسێكی بە توانا لە بواری نووسینی توێژینەوەدا دەكەم كە بە هەموو شێوەیەك خۆیان لەو كارە بەدوور بگرن، چونكە هەم وەكو لایەنی شەرعی بەبێ هیچ گومانێك حەرامە و ئەو پارەیش كە لەسەر ئەنجامی ئەو توێژینەوە بەدەست بێت حەرامە، هەم وەكو لایەنی دونیایی لەناو كۆمەڵگادا دەبێتە مایەی شەرمەزاری و تا ماون بەچاوتاندا

دەدرێتەوە، چی وەکو ئەوکەسەی نووسیوێتی و وەکو ئەو کەسەش کە بۆی نووسراوە، وەکو کارێکی ناشیرین و ناپەسەند وێنا دەکرێت.

**9** - پێویستە لایەنی پەیوەندیدار لە وەزارەتی پەروەردە و خوێدنی باڵا، لەم بارەوە زیاتر هەست بە بەرپرسیارێتی بکەن و ڕێنمایی توند لەم بارەوە دەربکەن بۆ سزادانی ئەو جۆرە کەسانە و ئالییەتی گونجاویان هەبێت بۆ بەدواداچوونی ئەم جۆرە حاڵەتانە و ڕوبەڕوبوونەوەیان، کە بەداخەوە هەڵگری ئەو جۆرە بڕوانامانەی ماستەر و دوکتۆرایش زۆر بوونە و تەنانەت خەڵکی دەزانن ماستەرنامەکە، یان تێزی دوکتۆراکەی بەچەند بۆ نووسراوە، چونکە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا پەیجی تایبەت لە ژێر ناوی خزمەتگوزاری خوێندکاران هەیە و کێ بیەوێت لەگەڵیاندا ڕێکدەکەوێت و پێکدێت، ئەوەش نیشانەی ئەوپەڕی گەندەڵییە لە بواری زانستیدا کە کاریگەرییە نەرێنییەکانی لە ئاییندەدا بە خراپترین شێوەدا دەردەکەوێت .

**10 -** وەرگرتنی بەحسێكی ئامادە لە ئینتەرنێت بە بێ ئاماژە كردن بەناوی كتێب و نووسەرەكەی و خوێندكار ناوی خۆی لەسەر بنووسێت گوایە خۆی نووسیوێتی و نمرەو نیشانەی پێویستی دەرچوونی لەسەر بەدەست بهێنێت، ئەویش بە هەمان شێوە جۆرێكە لە دزی زانستی و كارێكی حەرامە و پێویستە خوێندكاران خۆیان لەو كارە بەدوور بگرن و خۆیان تاوانبار نەكەن و حەڵاڵی

دەسكەوتی مادییان لە پاشەڕۆژدا نەخەن ژێر پرسیارەوە، بەڵكو پێویستە خۆیان كۆشش بكەن و نزاو پاڕانەوە بكەن كە الله تعالى كاریان بۆ ئاسان بكات و لە كوێیش بابەتێكی زانستیان لێ گیربوو پرسیار لە پسپۆڕان و شارەزایان بكەن، بەو شێوەیش دڵیان بە بڕوانامەكەیان خۆش دەبێت و بەرەكەتی تێدا دەبێت و بەسەربەرزییەوە دەتوانن باسی بە دەستهێنانی بڕوانامەكەیان بكەن، نەك هەست بەشەرمەزاری بكەن و ویژدانیان ئازاریان بدات.

**10 -** تێگەیشتنم بۆ ئەم سەرپێچییە شەرعییە، لە ڕووی ئەندازەی تاوانباری لەم کارەدا، ئەوەیە کە هەموو ئەوانەی ئەم کارە دەکەن لەسەر ئاستی نووسەرەکە و بۆ نوسراوەکەش، وەکو یەك بە یەکسانی تاوانبار نین، بۆ نمونە ئەو خوێندکارەی کە لە پسپۆڕی سەرەتاییدایە و لە قۆناغی بەکەلۆریوسە و توێژینەوەی دەرچوونی بریتییە لە یەك بابەت یان یەك وانەیە لە ئەسڵی دە یان هەشت وانەدا، ئەمە تاوانی کەمترە لە تاوانی خوێندکارێکی ماستەرکە بەلای کەمەوە نیوەی نمرەی دەرچوونەکە لەسەر ماستەرنامەکەیەتی، تاوانی ئەم خوێندکاری ماستەرەش لە تاوانی خوێندکارێکی دوکتۆرا

کەمترە کە زۆربەی نمرە و هەڵسەنگاندنی دەرچوونی لەسەر تێزی دوکتۆراکەیەتی و سەرباری ئەوەش نازناوی دوکتۆریشی لەسەر وەردەگرێت، کەواتە تاوانی شوێنەواری تاوانی کڕینی تێزی دوکتۆرا لە ماستەر گەورەترە و ماستەریش لە بەکەلۆریۆس گەوەترە و هەموویشی هەر سەپێچی شەرعە و تاوانبارییە و کاریگەری لەسەر مووچە و دەسکەوتی مادی پاشەرۆژی خوێندکارەکە دەبێت، چونکە وەکو وتمان ئەوەی لەسەر حەرام بونیات بنرێت حەرامە.